توێژەر /  شاگوڵ فاضل عثمان

کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان _ زانکۆی هەڵەبجە

بەشی مێژوو

# ناونیشانی توێژینەوە /  تێڕوانینەکانی هیگڵ بۆ فەلسەفەی مێژوو

ساڵی توێژینەوە /   ٢٠٢٣



## ***لیستی کورتکراوەکان***

*چ ... چاپ*

*ل ... لاپەڕە*

*د ... دکتۆر*

*ب.ژ.چ ... بێ ژمارەی چاپ*

*ب.س.چ ... بێ ساڵی چاپ*

*ب.ش.چ ... بێ شوێنی چاپ*

*ط ... طەبعة*

*و ... وەرگێڕان*

*ژ ... ژمارە*

*ص ... صفحة*

*ت ... ترجمه*

*هـ.س ... هەمان سەرچاوە*

*س.پ ... سەرچاوەی پێشوو*

*م.س ... المصدر السابق*

# پێرست

پێشەکی

بەشی یەکەم _ هیگڵ قۆناغەکانی ژیانی و شاکارەکانی

بەشی دووەم _ تێڕوانینی هیگڵ بۆ فەلسەفەی مێژوو

بەشی سێیەم _ دابەشکردن و پۆلێنکردنی قۆناغەکان

دەرئەنجام

سوودی توێژینەوەکە

لیستی سەرچاوەکان

# پێشەکی

ئێمە سەرەتا پێویستە مێژووی فەلسەفە و فەلسەفەی مێژوو لەیەکتر جودا بکەینەوە کە هەر یەکەیان دوو بابەتی سەبەخۆن. فەلسەفەی مێژوو بایەخ بە لێکدانەوەی تێکڕای مێژووی مرۆڤایەتی دەدات لەسەر بنچینەی بیردۆزێکی گشتی، لەم توێژینەوەدا گرنگی دەدەم بە فەلسەفەی مێژوو لە دیدی هیگڵەوە کە یەکێکە لە گەورەترین فەیلەسوفانی مۆدێرن لە ئەڵمانیا.
فەلسەفەی هیگڵ فەلسەفەیەکی ئایدیالیستیە هیگڵ وای دەبینی کە هزر بنچینەی سەرەکیە بۆ دروستبوونی هەموو بونێک هەروەها پێیوابوو کە فەلسەفەی مێژوو ئەو مێژووەیە کە لە دیدی هزریەوە سەیردەکرێ.لەم توێژینەوەدا هەوڵمداوە بەچەند بەشێک باس لە ژیان و تێڕوانینەکانی بکەم سەبارەت بە فەلسەفەی مێژوو.

لە بەشی یەکەمدا باسم لە ژیانی هیگڵ و بەشێک لە شاکارەکانی کردووە کە سەردەمی هیگڵ سەردەمی یەکێک لە گرنگترین ڕووداوەکان بووە ئەویش شۆڕشی فەڕەنسیە هەروەها گرنگترین شاکاری عەقڵ لە مێژوودا یە کە پێکهاتووە لە سێ بەش. لە بەشی دووەمی توێژینەوەکەدا باسم لە تێڕوانینەکانی هیگڵ کردووە بۆ مێژوو و فەلسەفەی مێژوو کە پێیوایە مێژوو هیچ نیە جگە لە مێژووی هۆش و پێشکەوتنی هۆش وە پڕۆژەیەکی دانا کە مێژوو دەکاتە سێ بەش و لە فەلسەفەی مێژوودا کەمتر پشتی بە واقع بەستوە. لە بەشی سێیەمیشدا باسم لە دروستبوونی قۆناغەکانی مێژوو یان فەلسەفەی مێژوو کردوە لای هیگڵ کە بریتین لە جیهانی ڕۆژهەڵات_جیهانی یۆنانی و ڕۆمانی_ جیهانی جێرمانی کە هەرسێکیان بەشێکن لە کتێبە بەناوبانگەکەی عەقڵ لە مێژوودا بەڕای هیگڵ مێژوو لە سەردەمی یۆنانیەکانەوە دەست پێدەکات یان ئاسیا دەستپێکی مێژووە و ئەوروپا کۆتاییەکەیەتی. لە کۆتایشدا باسم لە دەرئەنجامی توێژینەوەکە و سودی کردوە لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان.هیوادارم بە نوسینی ئەم بابەتە بتوانم خزمەتێکی بچوک بە کتێبخانەی کوردی و بەتایبەتیش بەشی مێژوو بکەم گرنگی ئەم بابەتە لەوەدایە کە خوێندکار دەتوانێت سوودی لێ ببینێت وەک سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو و لە نوسینی هەر کارێکی ئەکادیمی چونکە ژمارەیەکی زۆر سەرچاوەی گرنگ و دەگمەنم تێدا بەکارهێناوە. بۆیە وەک و توێژەرێک بە پێویستم زانی تیشک بخەمە سەر ئەم بابەتە وەک بابەتێکی گرنگی مێژوویی کە پێم وایە بەپێی پێویست گرنگی پێنەدراوە و ئاشنا نەکراوە بە خوێنەر

## بەشی یەکەم /  هیگڵ قۆناغەکانی ژیانی و شاکارەکانی

جۆرج ویڵهێلم فریدریچ هیگڵ لە بەرواری ٢٧ی ئابی ١٧٧٠ لە شاری شتوتگارتی ئەڵمانیا لەدایک بووە . خێزانی هیگڵ بە ڕەچەڵەک خەڵکی هەرێمی کرنتیای سەر بە نەمسا بوون[1] .سەرەتای تەمەنی هاوکاتی شۆڕشی فەڕەنسی بوو یەکەمجار بە گەرمی پێشوازی لە پرەنسیبەکانی شۆڕش کرد ،بەڵام دواتر دەستیکرد بە ڕەخنەلێگرتنی ماوەیەک لەلای هەندێ میر و دەسەڵاتداری ئەڵمانیا وانەی تایبەتی وتەوە لە و وانەبێژبوو پاشان بوەتە بەڕێوبەری قوتابخانەیەک دوای بڵاوکردنەوەی کتێبی( زانستی لۆژیک) لەسێ بەرگدا لەنێوان ساڵانی ١٨١٢-١٨١٣ وەک فەیلەسوفێک ناوبانگی دەرکرد و بوو بە بەناوبانگترین فەیلەسوفی ئەڵمانیا[2]. لە سەرووەختی کانت و هیگڵدا فەلسەفە ئەستێرەی بەختی لە درەوشانەوەدا بوو ،بەڵام کاتێک لەوەکەوت شان بە شانی ژیان ڕێبکات و توخنی کتێبخانەی واقیع بکەوێت وشکهەڵاتوو مرد[3] .هیگڵ لە ساڵی ١٧٩٣دا بڕوانامەی دبلۆمی لاهوتی لە پەیمانگای توبگلن بۆ خوێندنی ئاینی پڕۆتستانتی وەرگرت[4].

لە ڕاستیدا هەرئەم فێرکاری کانت بوو کە هیگڵی هەڵنا بۆ ئەوەی بەشوێن واتایەکی میتافیزیکیدا بۆ ڕەوتی مێژوو بگەڕێت و لەو بارەیەوەش بەرهەمێکی بەدیهێنا کە دەتوانێت بە بوێرانەترین پێشنیازی ئایدیالیزمی فەلسەفەیەکی مێژوو لە قەڵەمی بدەین. بەڕای هیگڵ مێژوو گرێیەکی هەیە کە دەبێت ە دەستی فەیلەسوفان بکرێتەوە لەبەر ئەوەی مێژوو نوسەکان نەیانتوانیوە ئەم گرێیە بکەنەوە و زۆرتر هەوڵیانداوە ڕووداوەکان بنوسنەوە و بیگێڕنەوە، هیگڵ پاش مردنی کتێبێکی چاپکرا بەناوی چەند وتارێک سەبارەت بە فەلسەفەی مێژوو هەوڵیداوە مێژوو و ڕێڕەوی بزەوتنی شیبکاتەوە[5].

---

[1]عوسمان یاسین : هیگڵ و دوو لە قوتابیەکانی ، چاپخانەی خانی ، چ١ ، ٢٠٠٨ ، دهۆک ، ل.٦

[2]د. موسا ئیبراهیم :فـیکری سیاسی خۆرئاوا ، چ١ ، ٢٠٠٥ ، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم ، ل.٣٥١

[3]ڕێبین ڕەسوڵ : هیگڵ و فەلسەفەی ئایین ، چ١ ، ٢٠٠٨ ، کتێبخانەی فێربوون ، ل.١٤٢

[4]هاشم ساڵح : فیکری خۆرئاوا ، و.شوان ئەحمەد ، ب.س.چ ، بڵاوکراوەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری ، ل.٥٤

[5]عەبدولحسەین زەڕینکوب : مێژوو لە تەرازودا ، و.لەفارسیەوە. د.قادر محمد و سۆران بەها ئەحمەد ، چ١ ، ٢٠١١ ،چاپخانەی سەردەم ، ل.٢٧٤

هیگڵ بە .[6] هیگڵ ئەو خاوەنکارەی کە بەردەوام دەبێت و پیاوێکی عەقڵانی پاک و عەقڵی ناوەکی بەهێزە نیشاندانی دیمەنێکی مێژووی بەرین سەلماندویەتی چۆن فەلسەفە بەدرێژایی تەمەنی هەوڵیداوە مافی بەخۆدا .هیگڵ و هایدگەر بەڕێبازی جیا دەگەنە هەمان ئەنجام[8] .چونەوەی مرۆڤ وەک ڕاستیەک هەستی پێبکرێت[7] هیگڵ دان بە ڕۆڵی چالاکانەی قارەمانێتی لە مێژوودا دەنێت، چونکە پاڵەوانەکان ئەوانەن کە توانا شاراوەکانی هیگڵ لە شاکاری چەند وانەیەک لە مێژووی .ناو ڕووداوە مێژووییەکان لەناو واقیعێکی پراکتیکدا کاردەکەن[9] فەلسەفە دەڵێت دیکارت دەستپێکی ڕاستەقینەی فەلسەفەی نوێیە، گۆڕانێکی ڕیشەیی لە فەلسەفەی نوێدا کردوە شاکاری زانستی لۆجیک کە چاپی یەکەمی لە باژێری هایدنبێرگ و قۆناغێکی نوێی لە فەلسەفە دەستپێکردوە[10]

لە ساڵی ١٨١٧ز بڵاوکراوەتەوە بە گرنگترین بەرهەمی هیگڵ دادەنرێ کە لەو بەرهەمەدا سنوری نێوان فەلسەفەی هیگڵ لەهەمان کاتیشدا بونناسی _ خوداناسی _ لۆجیک .لۆجیکی ئاسایی و میتافیزیک کاڵبوەتەوە[11] .میتافیزیکا _ دەروونناسی _ کۆمەڵناسی _ زانستی مێژوو _ زانستی جوانی هەم زانستەکانی ترە[12] _ .سەردەمی هیگڵ ١٧٧٠-١٨٣١ لانکەی زۆرانبازی هێزە ناکۆکە ڕامیاری و کۆمەڵایەتیەکان بووە[13] بێگومان هیگڵ کەوتوەتە ژێر کاریگەری هەریەک لە تیرمان و تینمان تەنانەت هەندێک لە لێکۆڵەرەوان بۆ ئەوە دەچن کە ئەمانە پێشبینی زۆری ئەو بیرانەیان کردوە کە کتێبەکەی هیگڵ بەناوی وانەکانی فەلسەفەی شوبنهاوەری هاوکاری .مێژوو دەیانگرێتە خۆی ئەگەر چی هیگڵ خۆی لەوە لادەدات کە ئاماژەیان پێبکات[14] هیگڵ لە زانکۆی بەرلین سەبارەت بە هیگڵ نوسیویەتی ئەو پەڕی بوێری لەقسەی بێهودە، لە پێکەوەنانی قسەی سەرشێوێنەری سادە و خەیاڵاوی لەو جۆرانەی کەتەنها مەگەر لە دیوەخانەکاندا بەدیبکرێت، دواجار لە هیگڵدا دەرکەوت و بووە بیانویەک بۆ بێشەرمانەترین و بەربڵاوترین ڕاز و نهێنیەک کە تا هەنوکە هەندێک لەو باوەڕەدا بوون کە هیگڵ خاوەنی مەزنترین و کاریگەرترین فەلسەفەی پۆزەتیڤە .ڕوویاندابێت[15] لەولاشەوە کەسانێک هەبوون کە وا دەیانڕوانیە کارەکانی گوایە فەلسەفەکەی هیگڵ دێوەزمەیەک بوو لە .دێوەزمەکانی یەکێک لە پیاوانی لۆژیکی[16]

---

[6]رینیە میرو - جاک دوندت : هیجل ، ت.جوزیف سماحة ، مطبعة المتوسط ، المكلس ، لبنان، بدون صفحة

[7] ، بێرتران ڤێژۆڵی : فیلۆسۆفەکانی مۆدێرنتە لە دیکارتەوە تا هایدگر چ٢ ، ٢٠٠٧ و. محمد رەحیم ، بڵاوکراوەی ئاراس ، هەولێر ، ل.٣٨

[8]أ.د. أشرف حسن : زمانية الوجود الإنساني بين هايدجر و هيجل ، بدون صفحتة

[9]د. مصطفى النشار : فلسفة التأريخ ، ط. الاول، ٢٠٠٤ ، شركة الأمل للطباعة والنشربدون صفحة

[10]د. حەمید عەزیز ، میتافیزیک ، ب.ژ.چ ، ٢٠١٦ ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ، هەولێر ،ل.١٠٦

[11]د.حەمید عەزیز : فەلسەفەی نوێی ئەوروپا ، ب.ژ.چ ، ٢٠١١ ، هەولێر ، ل.٣٥٢

[12] حەمە غەریب حەمە تۆفیق : مرۆڤ و فەلسەفە ، گۆڤاری کۆچ ، ژ.١١و ١٢

[13] د.محمد کەمال : فەلسەفەی هیگڵ ، چ ، ١ ب.ش.چ ، ب.س.چ ، ل.١٣

[14]هیگڵ : مێژووی فەلسەفە ، و.عیرفان مستەفا ، چ١ ، ب.س.چ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، ل.٢٠

[15] ، پۆل ستراتێرن : ئاشنابوون بە هیگڵ ، و.ڕێباز مستەفا چ١ ، ٢٠٠٥ ، هەولێر ، ل.٥

[16] ، ڕێبین ڕەسوڵ : هیگڵ و فەلسەفەی مۆدێرنیزم چ٢ ، ٢٠٠٤ ، ب.ش.چ ، ل.٣

بیرو بۆچوونەکانی هیگڵ لەبارەی دەرکەوتە مێژووییەکان نەک تەنها بەشێکە لە فەلسەفەی ئەو بەڵکو بەواتایەکی تر وەک فەلسەفەکەی ئەوە لە دیدگای ئەمەوە ڕووداوە بە ڕووخسار لاوەکیە مێژووییەکان لەڕاستیدا نمایشکەری ساتێکن. دیالێکتیکی ڕۆح لە کات و شوێنی دیاریکراودا بەرجەستە دەبن بەو مانایەی دەتوانرێت تەواوی بەرهەمە بنەڕەتیەکانی هیگڵ بەجۆرێک لە فەلسەفەی مێژوو لەقەڵەم بدرێن و ئەم بابەتە نەک تەنها لەبارەی کتێبی مینۆفینۆلۆجیای ڕۆح بەڵکو لەبارەی کتێبی لۆجیکیشەوە دروستە چونکە لە دیدگای ئەو ڕێچکەیەی هیگڵ لە ڕێگەیەوە ئەوەوە بیرکردنەوەی لە لۆجیکی مێژوویی شیاوی جیابوونەوە نیە[17]١ پڕۆژەی کانتی دەربارەی نوسینەوەی مێژووی جیهانی تەواوکردوە، تەواوی سیما و پێشنیارەکانی کانتی چ هیگڵ یەکەمین فەیلەسوفی ئەوروپیە کە بەشێوەیەکی مێژوویی .لەڕووی شێوە یان ناوەڕۆکەوە وەرگرت[18] نەتەوەی گەلانی دیکەی لە دەرەوەی ئەوروپا خستوەتە ژێر باس وەک مێژووی گەلانی هندستان و چین. کانت وای دەبینی کە کە خاڵێکی کۆتایی بۆ کایەی مێژوو هەیە و ئەو خاڵەش بە وەدەستهێنانی ئازادی دەبێت لەسەر زەویدا، مێژووی جیهانی هەمیشە جگە لە پێشکەوتنی هۆشیاری بەرەو ئازادی هیگڵ ئەم وتەیەی وا کورتدەکردەوە کە گەلانی ڕۆژهەڵات باوەڕیان وابوو کە تەنها نەتەوەیەک ئازادە بەڵام یۆنانیەکان و ڕۆمەکان .پێیان وابوو هەندێ نەتەوە ئازادە وە ئێمە لە ڕۆژئاوا پێمان وایە هەموو مرۆڤەکان بە ئازادی لەدایک دەبن ،زۆرچار هیگڵ بە پەرستنی دەسەڵاتی دەوڵەت تاوانبار دەکرێت گوایە دژی ئازادیخوازی و دیموکراتیش بووە ئەمەش بەسە کە بڵێین هیگڵ فەیلەسوفی ئازادی بوو لە پەرتووکی میتافیزیکدا ئەرستۆ فەلسەفەی بە زانستی بوون داناوە لەوبارەشدا بووە کە تەنها زانستێک ناتوانێت لەبارەی بوون بکۆڵێتەوە[19]

---

[17] حەمە غەریب حەمە توفیق :گۆڤاری کۆچ ، س.پ ،ل.٥١

[18] فرانسیس فۆکۆیاما : کۆتایی مێژوو دواین مرۆڤ ، و.ئیسماعیل کوردە ، چ١ ، چاپخانەی کارۆ ، ٢٠٠٨ ، ل.١٠٥

[19] هـ.س ، ل.١٠٦-١٠٨

،لەلای هیگڵ بوون بریتیە لە بڵاوبونەوەی ئەو شتەی کە ئەو لە فەلسەفەکەیدا بە ئایدیا ناوی دەبات واتا وێنا یاخود نمونە بەڵام ئەم ئایدیا کاتێک هەموو واقعیەتی خۆی بەدەستدەهێنێ کە بکەوێتە بواری کرداری و فراوان ببێت ئەم فراوانبوون و هاتنە دییەی ئایدیاش لە شوێنێکدا ئەنجام دەدرێتەوە هەر وەک لە زەمانیشدا کاتێک ئایدیا لە شوێنێکدا بڵاوببێتەوە دەبێتە سروشت و ئەگەر لە زەماندا بڵاوببێتەوە دەبێتە ڕۆح. مێژووش واتا ئەو مێژووەی کە هیگڵ بە مێژووی جیهانی لەقەڵەمی دەدات بریتیە لە بڵاوبوونەوە و فراوانبوونی ڕۆح لە زەماندا، بەڵام مادام گەوهەری ڕۆح بریتیە لە ئازادی کەواتە مێژوو شتێک نیە جگە لە بڵاوبوونەوە و پێشکەوتنی هۆشیاری لە ئازادیدا دەبێ ئەوەش بزانین کە دەزگا فەلسەفیەکەی هیگڵ لەسەر ئەم سێکوچکەیەیە بوون قابیل بەوەیە هەموو شتێک بێت نەک نەک پێکەوە بەڵکو هەریەک بەجیا، واتا .[20] ئایدیا سروشت ڕۆح لەمێژوودا خوێنەری مامناوەند بەتایبەتی .بوون شتێکە لەهەموو بونەوەرێکدا هەیە بەگوێرەی ئەو بونەوەرە[21] ئیبن خەلدون دەڵێت زانستی مێژوو زانستێکی .سەرکێشیە سەیرەکانی و توڕەیی و گەشبینیدا دەگەڕێت[22] تیۆری مرۆڤە کە لەڕووی کاتەوە بە دوای ڕووداوەکانی زەمەندا دەگەڕێت یان توێژینەوەیەکی مێژووی مرۆڤە هیگڵ لە کتێبی کۆتایی مێژوو لەو باوەڕەدایە کە مێژووی .لە ماوەی ڕابردوودا بە تەمەنە جیاوازەکانەوە[23] گشتی بوارێکی کاریگەری ڕۆحیە کە ڕەنگدانەوەی مێژووی مرۆڤە و خوێندنی فەلسەفەی مێژوو واتە خوێندنی مێژوو کە لەڕێگەی فیکرەوە بەینیان دەبەستێت[24].

---

[20] یوسف کەرەم : مێژوو فەلسەفەی نوێ ، و .عومەر عەلی ، ب.ژ.چ ، چاپخانەی تاران ، ٢٠١٧ ، ل.٢٦٣-٢٦٤

[21] عەبدولحسەین زەڕینکوب : س.پ ، ل. ٢٧٤-٢٧٥

[22] غوستاف لیون : فلسفة التأريخ ، ت.عادل زعیتر ، ٢٠١٧ ، لناشر مؤسسة هنداوی ، ص.٥

[23] د.محمد بن صامل السلمي : علم لتأريخ ، ط٣ ، المكتبة أحيا التراث الإسلامی ، ٢٠٠٩ ، ص.٩

[24] قیص ناصر راهی : نهاية التأريخ ، ط١ ، ٢٠١٧ ، ص.٣٧

## بەشی دووەم / تێڕوانیەکانی هیگڵ بۆ فەلسەفەی مێژوو

کاتێک عەقڵی مرۆڤ زیاتر پێگەیشت دەرکی بەوە کرد کە تێڕوانینە ئەفسانەییەکان جێگای گاڵتەجاڕین ئیتر ژیانی کۆمەڵگە بریتیە لە ژیانی دەیەها و سەدەها و .زانیاری هەنگاوێک بەرەو فەلسەفە چووە پێشەوە[25] هەزارها مرۆڤ و هەریەک لەم مرۆڤانە دروستکەری چەندین ڕووداو و بەسەرهاتن ئیتر ڕاستەوخۆبێت یان ناڕاستەوخۆ لەڕێگەی یارمەتیدانی مرۆڤەوە بێت بۆ بەرەو پێشبردنی واقیع وەک گەورە ناوداران و سەرکردەی شۆڕشەکان، ئەم کارەش خۆی لەخۆیدا پێگەی ناکۆکی نێوان ئەرکی مێژووە. یەکەم واتا کە لە .مێشکماندا گەڵاڵە دەبێت وێنەی ئەو ڕووداوانەیە کە کاریگەریان لەسەر ژیانی مرۆڤ هەبوە[26]

لایەنگرانی ماتریاڵیزم هەر لە سەرەتادا دەڵێن ڕۆح و مادده یان ئەندێشە و جیهان پەسوەندی تایبەتیان پێکەوە هەیە بەڕای ئەوان مادده و هەستی توخمی بنەڕەتین و ڕۆح و ئەندێشە دواتر لە مادده پێکهاتوون، کەوابوو بەڕای لایەنگرانی ماتریاڵیزم ڕۆح سروشت و ماددەی نەخولقاندوو، بەڵکو مادده و سروشت ڕۆحیان هیگڵ پێی وایە بەپێی تێڕوانینی ئیستاتیکانەی هونەری هەموو کارێکی هونەری لەسەر دوو .خولقاندووە[27] ئاست و دوو لایەن خۆی نمایشدەکات یەکەم ئاستی ڕۆحانی دووەم ئاستی فۆڕم و شێوەی بەرجەستەکراوی مرۆڤ لە جیهاندا وەک بونەوەرێکە کە لەڕێی خستنە دەرەوەی خۆیەوە دەگەڕێتەوە بۆ خودی .ماتریاڵی[28] هەڵوێستی ماتریاڵیزمانەی مارکس و ئەنگلس بە پێچەوانەی هەڵوێستی هیگڵەوە بیرۆکە و ئاگامەندی .خۆی[29] .ڕەها ناکات بە بناغەی جیهان[30]

25 ،عەمرو شەریف : گەشتی عەقڵ ، و. مزەفەر عەولا قەسرێیی چ١ ، ٢٠١٧، نوسینگەی تەفسیر ، ل.١٨٢ ،

26سەلام عەبدولکەریم : دەربارەی فەلسەفەی مێژوو - زانستی مێژوو ، ، چ١ ، ٢٠٠٩ سلێمانی ، ل.٥٨-٥٩

27ژۆرژ پۆلیستمێر : بنەماکانی فەلسەفە ، و.هادی محمدی ، ب.ژ.چ ، ، ٢٠١٠ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حەمدی ، ل.٥٦-٥٧

28ڕێبین ڕەسوڵ : هونەر و حەقیقەت ، ب.ژ.چ ، ٢٠١٨ ، دەزگای ئایدیا ، چاپخانەی حەمدی ، ل.١٨٢-١٨٣

29 ،ڕامین جەهانبەگلو : مۆدێرنەکان ، و.ئازاد بەرزنجی چ١، ٢٠٠٩ ، دەزگای سەردەم ، سلێمانی ل.١١٣

30، د.محمد کەمال : لۆجیکی هیگڵ ، ب.ژ.چ ٢٠١٦ چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ل.٢٧٣-٢٧٤

شاکاری زانستی لۆجیک کە چاپی یەکەمی لە باژێری هایدنبێرگ لەساڵی ١٨١٧ز بڵاوکراوەتەوە بە گرنگترین بەرهەمی هیگڵ دادەنرێت. لەو بەرهەمەدا سنوری نێوان لۆجیکی ئاسایی و میتافیزیک هیگڵ داوادەکان مرۆڤەکان پێویستە بەهەموو بیروبۆچونە بۆماوەییەکانی خۆیدا بچێتەوە تاکو .کاڵبووەتەوە[31] هیگڵ بەهۆی کتێبی زانستی لۆجیک ناوبانگی دەرکرد لە .بتوانن جیایان بکەنەوە و پاکیان بکەنەوە[32] حاڵەتێکدا تەنها بەشی یەکەمی ئەم کتێبەی بڵاوکردبوویەوە. هیگڵ مێژووی لە کراوەترین دۆخی ئەگەرەکانەوە دەبینی (دۆخی مێژووی جیهانی) مێژوو لە ڕوانگەی هیگڵ دەرەنجامی خۆ پەروەردەکردن یان خۆدزینەوەیە مرۆڤ بە ئاڕاستەی وردبینی ژیری و خۆناسیندا دەڕوات. هیگڵ ڕایگەیاند کاتێک ئێمە ڕابردووی خۆ پەروەردەیمان لە چاوی گشتاندنێکی واتادارەوە دەربێنین دەبینەوە خاوەن هەموو ڕابردوی تیۆرەکەی هیگڵ لەسەر ئەوە بنیادنرابوو کە مێژوو هیچ نیە جگە لە مێژووی هۆش و پێشکەوتنی خۆمان[33] هۆش کە ئەمەش یەکسانە بە پێشکەوتنی مێژوو و گەلانی بێهۆش کە ناتوانین بە گەلانی بێهۆش بڵێین گەلانی ئازاد چونکە ئازادی دەست ناکەوێ تەنها لای ئەو کەسانە نەبێت کە هۆشیان هەیە و هەست بە گرنگیەکەی فەیلەسوفانی پێش هیگڵ وا سەیری .دەکەن. بەم پێیە عەقڵ جەوهەری مێژووە، هەروەها جەوهەری مرۆڤینە[34] واقیعیان کردوە کە یەکجار ئاڵۆزە بەڵام وەک حاڵەتێکی چەسپاو بڕیاریان لەسەر داوە. هەروەک بڵێین ئەرکی ئەمان تەنها ڕاڤەکردنی بێت، بەڵام لەسەردەمی هیگڵەوە هەستی مێژوویی هاتوەتە ناو شێوازی تێڕامانەوە بۆ .زۆربەی زۆری شتەکان[35]

هیگڵ بۆ لێکۆڵینەوە لە مێژوو پڕۆژەیەکی دانا کە بە سێ ڕێگا دیاریان دەکات یەکەم مێژووی سەرچاوە دووەم مێژووی تیۆری سێیەم مێژووی ڕاستەقینە هیگڵ وای دەبینی کە مێژوو هەر تەنها ئەوەیە کە ئەو بیرە گەردونیە دەکاتەوە، فەلسەفەی مێژوو خۆی ئەو مێژووە کە لە دیدی ژیریەوە سەیر دەکرێت کە بونەوەرەکان وەک خۆی هیگڵ زۆر زوو کەوتە بایەخدا بە مێژوو کە بەلای ئەوەوە مێژوو لە سەردەمی گریکەکان یۆنانیە .دەبینێت[36] کۆنەکان دەستپێدەکات بیروباوەڕی فەلسەفی هیگڵ و مارکس و ئەنگلس ڕێگایان بۆ پێشکەوتنی زانستی مێژوو .لە جاران خۆشترکرد[37]

---

[31]د.حەمید عەزیز : فەلسەفەی نوێی ئەوروپا ، س.پ ، ل.٣٢٥

[32]ڕێبین ڕەسوڵ : هیگڵ و فەلسەفەی ئایین ، س.پ ، ل.٥٦

[33] ،پۆل ستراتێرن : ساتێک لەگەڵ هیگڵ ، و.عەلی ئەکبەر چ١ ، ٢٠٠١ چاپەمەنی سایە ، ل.٤٥-٤٨

[34] سەباح عەلی جاف : چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ئەوروپا چ١ ، ٢٠١٤ ، چاپخانەی کەمال، سلێمانی ، ل.١١٠

[35] برایان ماگی : مێژووی فەلسەفە ، و.عوسمان حەمە ڕەشید ، ب.ژ.چ ٢٠١٠، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، ل.٢٩١

[36] ، ڕەحیم سابیر : فەلسەفەی مێژوو چ٢ ، ٢٠٠٥ ، ب.ش.چ ، ل.٢٣

[37] ، د. کەمال مەزهەر : مێژوو کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو چ٢، ٢٠٠٨ ، چاپخانەی هێڤی ، ل.٨٠-٨٣

ئایدیالیزمی هیگڵ لە فەلسەفەی مێژوودا لەسەر باوەڕهێنان بە ڕۆڵی هزری ناوەندی لە ژیان و مێژوودا بەندە و دامەزراوە، بۆیە وای بۆ دەچێت کە فەلسەفەی مێژوو هیچ ناگەیەنێت لە جیهانی هزردا جگە لە لێکۆڵینەوەی مێژوو. لە پاش مردنی هیگڵ هێرشکرایە سەر فەلسەفەی ئایدیالیزم و برەوی فەلسەفەی ماتریاڵیزم هیگڵ پێیوایە جیهان لە پەرەسەندنێکی هەمیشەیی و گۆڕانێکی دینامیکی .پەرەسەندوو و باو بوو[38] بەردەوامدایە و ئەمەش مەرجێکی گرنگ و بگرە پێویستیشە بۆ ڕێگەگرتن لە حەق بەستن و نەبزۆکی، مێژوو لای هیگڵ مێژووی گێرانەوەی ڕووداوەکانی ڕابردوو نیە و ئەو مێژووەش نیە کە دەیەوێت تاوتوێی هیگڵ لە فەلسەفەی مێژوودا کەمتر پشت بە .ڕووداوەکان بکات و پەندی زانستی لە ڕابردوو وەربگرێت[39] پێش ئەوەی هیگڵ.واقیعیەتە مێژووییەکان بەستووە و زیاتر پشتی بە هەڵێنجان و ڕۆنانە فەلسەفیەکان بەستووە[40] دەست بکات بە پێداچوونەوە بە فەلسەفەی مێژوو دووپاتی دەکاتەوە کە بە نیازە کۆمەڵێک چاودێری گشتی لەسەر مێژوو پێشکەش بکات یان مێژووی بەشێک لە نەتەوەیەک بخاتە ڕوو، هیگڵ بیردۆزی خۆی بۆ فەلسەفەی مێژوو لەڕێگەی کتێبەکەی خۆی کە دوای مردنی یەکێک لە خوێندکارەکانی بڵاویکردەوە بەناوی

هیگڵ دەڵێت چینە بنچینەییەکە لە بەرهەمە سروشتیەکانی ئەو خاکە وەرگیراوە .عەقڵ لەمێژوودا دەخاتە ڕوو[41] هیگڵ بە دیدگایەکی .کە گەشە دەکات کە خاکێکە دەتوانێت خاوەندارێتی لە موڵکێکی تەواو تایبەت بکات[42] ئەوپەڕی فراوانەوە لە مێژووی دەڕوانی [دیدگای مێژووی جیهانی] مێژوو لەڕوانگەی ئەودا بەئەنجام گەیاندنی ڕۆح یان ڕەهابوونی خودە. مرۆڤایەتی ڕێڕەوێکی وردبینانەی عەقڵانی خودئاسانەی گرتوەتە پێش مەعریفەتێکی ڕۆژ دوای ڕۆژ لە پەرەسەندنی یەکێتی و ئامانجی خود، هیگڵ ڕایگەیاند کە ئێمە کاتێک کە ڕابردووی خۆپێگەیاندنی خۆمان بەچاوی گشتێکی واتادار تێبینی دەکەین دەبینە خاوەنی هەموو ڕابردوو و هیگڵ .سەرگوزەشتەی خۆمان بەم پێیە ئامانجی مێژوو شتێکی کەمتر لە دۆزینەوەی مانای ژیان نیە[43] ڕایگەیاند کە عەقڵ جەوهەری مێژووە هەروەک چۆن جەوهەری سروشتیشە لەگەڵ هەبوونی جیاوازیەکی گرنگ کە بریتیە لەوەی کە ئەو ئەقڵەی مێژوو دەبات بەڕێوە بریتیە لە ئەقڵێکی ئاگا لە خودی خۆی کە مەبەست مرۆڤە. هیگڵ مێژوو لە مانایەکدا بەکاردەبات کە لە فەلسەفەی مێژوو جیاناکرێتەوە، بە بۆچوونی ئەو مێژوو بەمانای تۆمارکردنی ڕووداوە مێژووییەکان نیە بەڵکو بەمانای هزری مێژووە کە ئەمەش بەومانا دێت کە مەبەست لە خوێندنەوەی مێژوو ئەوە نیە کە ئاگای لە ڕووداوەکان هەبێت بەڵکو مەبەست ئاگاداربوونە لە .فاکتەر و ئاڕاستەی ڕووداوی ئەو ڕووداوانە[44]

---

38 ، بورهان محمد فەرەج : ڕامانێکی فەلسەفی بە مێژوودا چ١ ، ٢٠٢٠چاپخانەی یاد ، ل.١٢٧ ،

39د.موسا ئیبراهیم : فیکری سیاسی خۆرئاوا ، س.پ ، ل.٣٥٦-٣٥٧

40 عەبدولحسەین زەڕینکوب : س.پ ، ل.٣٧٨ .

41سلماء علاء الشافيعي : فلسفة التأريخ عند فيلوسوف ألماني هيجل ، تأريخ الإضافه ٢٥/١٢/٢٠١٤م ١٨/١١/٢٠٢١
https://www.alukgh.net/culture/0/80282/

42فریدریک انجلز : أصل العائيلة و الملكية الخاصة و الدولة ، ت. احمد عز العرب ، دار الطباعة الحديثة النشر

43 پۆل ستراتێرن : ئاشنابوون بە هیگڵ ، س.پ ، ل. ٥

44 سەباح عەلی جاف : س.پ ، ل. ١١٢

فەلسەفەی مێژوو لای هیگڵ هەوڵنادات لەپێناوی لێکۆڵینەوەی مێژوو لەسەر فەلسەفەی مێژوونوسان، بەڵکو لە لێکۆڵینەوەی ڕووداوە مێژووییەکان و کۆکردنەوەی زانیاری بۆ پێکەوەنانی وێنەیەکی وەسفی بۆ فەلسەفەی مێژوو بە یەکێک لە گرنگترین کتێبەکانی هیگڵ .خستنەڕووی ئەوەی لە ڕابردوودا ڕویداوە[45] دادەنرێت، لەو کتێبەدا باس لەو یاسای پێشکەوتنە دەکات کە مرۆڤایەتی لە ڕابردوودا پەیڕەوی کردوە و ئەوەمان نیشان دەدات چۆن هەر میللەتێک بۆ ماوەیەک دەرفەتی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت بگاتە لووتکە و دەسەڵات بگرێتەوە دەست. تا ببێتە ئامرازێکی ناخود ئاگا بۆ جێبەجێکردنی ئیرادەی ڕۆحی گشتی ئەو میللەتەش بەو شێوەیە بەردەوام دەبێت تا میللەتێکی دیکە، بە بۆچونی بەرفراوانتر دەرحەق بە ئازادی و یەکێک لە باسەکانی فەلسەفەی .تێگەیشتنێکی باڵاتر سەبارەت بە ڕۆڵی مرۆڤ دێتە ئاراو شوێنی دەگرێتەوە[46] مێژوو لای هیگڵ دیالێکتێکە کە وشەیەک یۆنانیە و هیگڵ لە ئەفلاتونەوە وەریگرتوە، مەبەستیش لەمە پرۆسە مێژووییەکان کە بە پرۆسەی یەکتر هەڵوەشاندنەوە بەڕێوەدەچێ واتە هەر ئاراستەیەک کە دەگاتە کۆتایی ئاراستەیەکی تر لەدایک دەبێت و بەم جۆرە هەموو شتێک هەتا هەتای بەم جۆرە دەبێت. سەرباری گرنگی هیگڵ بۆ مێژوو، بەڵام چەندین ڕەخنەی ئاراستە دەکرێت سەبارەت بە فلسەفەی مێژوو لەوانە [ناڕەوایی لەسەر بۆچونەکانی لەسەر گەلانی نا ئەوروپی و چەندانی تر] لێرەدا ئاماژە بە کۆتایی مێژووەکەی هیگڵ کە پێی وایە مێژووی جیهان لە ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو ڕۆژئاوا هەنگاوی ناوە و ئەوروپا واتا کۆتایی مێژوو بەو شێوەی کە ئاسیا سەرەتاکەی بوە، ئەوەی هیگڵ باسی دەکات ئەوەیە کە ئەم جیهانە بەکۆتا گەیشتووە ئەوەتا ئەم مێژووە بە کامڵ بوون گەیشت واتا ئازادی [47]

لەواقیعدا مێژوو بە ڕوە فەلسەفیەکەی چەندین جار بەر لە دەرکەوتنی فۆکۆیاما کۆتایی هاتوە دەستپێک بەقەشە ئۆگەستیان و بیرۆکەی لەمەڕ [شاری خودا] دواتر لە سەردەمی ڕێنسانس لای ماکیاڤیلی و بیرۆکەکەی دەربارەی نەتەوە و لە [ڕووناکی عەقڵ]ی لای ڤۆڵتێر و سروشتی مرۆڤی کۆمەڵایەتی و ناکۆمەڵایەتی لای کانت و کامڵ بوونی دەوڵەتی پروسیا لای هیگڵ ئەمە جگە لە کۆمەڵگای بێچین لای مارکس. هیگڵ باوەڕی وابوو پرۆسەی مێژووی بۆ ماوەیەکی نادیار بەردەوام نابێت، بەڵکو دەگاتە کۆتایی ئەمەش بە بەدەستهێنانی کۆمەڵگا ئازادەکان لە جیهاندا ڕوودەدات بە مانایەکی دیکە کۆتایی مێژوو دێتە ئاراوە. بەڵام ئەمە مانای کۆتایی ڕووداوەکان نابێت کە کە لەدایک بون و مردن ئاوێتەبوونی کۆمەڵایەتی مرۆڤ یان دەرنەکەوتنی هەندێ پیاوی گەورە سەرچاوە دەگرێت، هیگڵ مێژووی بەوە دیاری کردوە کە پێشکەوتنی مرۆڤە بەرەو ئاستی باڵاتر لە عەقلانیەت و ئازادی ئەم پرۆسەیەش بە زەرورەت خاڵێکی کۆتایی و لۆژیکی هەیە ئەمەش کاتێک کە بەڕاستی کۆتایی مێژوو بۆ قسەکردن لەسەر [کۆتایی فەلسەفە] .هۆشیاری خودی ڕەها بەدەست دێت[48] ڕاماندەکێشێت ئەم بیرۆکەیەی کۆتایی فەلسەفە بوو بە هەڵوێستی هاوبەش گەلێک لە داواکاریەکانی فەلسەفەی هاوچەرخ لەوتەی کۆتایی مێژوو بێ کێشەتر نیە[49]

---

[45] بورهان محمد : ڕامانێکی فەلسەفی بە مێژوودا ، س.پ ، ل.١٢٨
[46] د.موسا ئیبراهیم : فیکری سیاسی خۆرئاوا ، س.پ ، ل.٣٥٨
[47] سەباح عەلی جاف : س.پ ، ل.٣٦
[48]فرانسیس فۆکۆیاما : س.پ ، ل.١٠٩-١١٣
[49]د.محمد شێخ : هیگڵ و فەلسەفەی تازەگەری ، و.لە عەرەبیەوە دلێر منیرا ، چ٢ ٢٠١٦ ، چاپخانەی شڤان ، ل.٦١١

له کۆتایشدا بە پێویستی دەزانم تێڕوانینێکی فەیلەسوفی عەقلانی دیکارت بهێنمەوە سەبارەت بە مێژوو کە دەڵێت: مێژوو مێژوونووس بۆ ڕابردوو پەلکێش دەکات بەجۆرێ نامۆی دەکات لە واقیعی ئێستا بۆیە بۆ مێژوونوس پێویستە بەڕوی واقیعی ئێستا بکرێتەوە و پشت بە فەلسەفەی سەردەم ببەستێ تا بتوانێت بە شێوەیەکی هاوسەنگانە بڕوانێتە ڕابڕدوو، پەندی لێوەربگرێ کە دەبێتە مایەی سوود و قازانج بۆ گەلان لەپێناو داهاتوودا[50].

[50] ، شاڵاو شاڵاو: فەلسەفەی مێژوو ، ٢-٩-٢٠٢٠ / ٨-١١-٢٠٢١
Dengakan.info

## بەشی سێیەم / دابەشکردن و پۆلێنکردنی قۆناغەکان

بەڕای هیگڵ مێژووی جیهان لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەچێت، چونکە ئاسیا دەستپێکی ئەم مێژووە و ئەوروپا کۆتاییەکەیەتی. لە ڕۆژهەڵاتدا یەک خۆر هەڵدێت و لە ڕۆژئاوا ئاوادەبێت، بەڵام بەم ئاوابوونە خۆری هیگڵ مێژووی جیهان دابەشدەکات بۆ .دەروونی کە هەمان وەستان و هەستکردن بە ئازادیە دروست دەبێت[51] ،سێ قۆناغ و ئەم سێ قۆناغە لە سێ دەوردا نیشاندەدات [جیهانی ڕۆژهەڵات، جیهانی یۆنانی و ڕۆمانی جیهانی جێرمانی] ئەو ئایدیایەی لەم ڕەوتەدا خۆی گەشەپێدا و خۆی واقیعی دەکاتەوە ئایدیای ئازادیە. لە دنیای ڕۆژهەڵاتدا تەنها یەک کەس ئازادە بەڵام لە جیهانی یۆنانی و ڕۆمانیدا کۆمەڵێک کەس ئازادن هاوکات .لەجیهانی جێرمانیدا هەمووان ئازادن

ئەو هێزەی پاڵنەری بەرەو پێشبردن و گەشەی جیهانە هیگڵ ناوی دەنێ ڕۆحی جیهان وەک گوترا هەموو مرۆڤەکان لە جیهانی جێرمانیدا بە ئازادی دەگەن، بەڵام ئازادی بەو مانایە نیە کە مرۆڤ هەرچی پێخۆشبوو بیکات بەڵکو هیگڵ دەڵێت [ئازادی ڕاستەقینە] بریتیە لە زانین و ئەنجامدانی ئەو شتانەی کە یاسایین بزانین کە یاسای دەوڵەت چیە و چۆن مرۆڤ دەتوانێت بە کردەوە ڕەچاوی بکات. تەنها بەم شێوەیە مرۆڤەکان دەتوانن لە ئاستێکی دیاریکراودا ببنە خاوەنی ئازادی، ئازادی بۆ هەمووان ئاکامی هەبوونی ئەو یاسایانەیە کە دەبێت هیگڵ لەبارەی مێژووی ئێرانی کۆن ئەوەی کە ئەو لەبارەی .هەمووان لەناو کۆمەڵگادا ڕەچاوی بکەن[52] بنەماڵەی مادد و هەخامەنشیەکان دەدوێ، هەروەها بابەت گەلێک کە لەبارەی ئیسلامەوە نوسیویەتی ڕێک باسکرێت و لایەنە نەفیەکان و ئەرێنیەکانی بیروبۆچونەکانی ئەو ڕەنگە لە لایەنی مێژوو و فەرهەنگی ئێران بخرێتە بەردەم هەڵسەنگاندن. بەڵام ئەم کارە لە دەرەوەی تاقەتی ئەم نوسینەیە کە ناونیشانێکی دیاری هەیە و .لە شوێنێکی تردا ڕەنگە بەشێوەی سەربەخۆ گرنگی پێبدرێت[53]

---

[51] گۆڤاری کۆچ ، س.پ ، ل.٥٠٧

[52]ئانڤین ستیگن : فەلسەفە لە مێژوودا ، و.لەنەرویچیەوە فەرەج نیعمەتپور ، چ١ ٢٠٠٩ ، چاپخانەی سەردەم ، سلێمانی ، ل.١١٢

[53] گۆڤاری کۆچ ، س.پ ، ل.٥٠٨

یەکەم قۆناغ کە هیگڵ لێیەوە دەستپێدەکات شارستانیەتی ڕۆژهەڵاتی کۆنە [هیندی ، فارسی، چینی، فیرعەونەکان] هتد. ئەم شارستانیەتە ڕۆژهەڵاتیانە بە سیفاتێکی بنچینەیی دەناسرێت کە هەموو هاوڵاتیان لەهەریەک لەو کۆمەڵگایانەی کە کۆیلەی فەرمانڕەوایەک بوون پشت بە پاشا و ئیمپراتۆر یان فیرعەون دەبەستن و ئیرادە و ویستی خۆی جێبەجێ دەکەن، هەر بۆیە ئەم فەرمانڕەواییە ستەمکار بووە نەک مرۆڤێکی ئازاد.[54] قۆناغی دووەم جیهانی یۆنانی و ڕۆمانیە، بەڕای هیگڵ یۆنانیەکان یەکەم نەتەوە بوون کە هەستیان بە ئازادی کردوە، بەڵام ئازادی لای ئەوان هەموو خەڵکی نەدەگرتەوە تەنها هەندێک لە یۆنانیەکان ئەو ئازادیەیان هەبوو. هەروەک چۆن خەڵکی ڕۆژهەڵاتیش بەڕای هیگڵ ئازادی تەنها بۆ یەک کەس بوە.[55] هیگڵ جەخت دەکاتەوە لەوەی هەر کێشەو کارەساتێک ڕووبەڕووی مرۆڤایەتی و گەلێک دەبێتەوە پەیوەندی بە خودی خۆیانەوە هەیە. دواتر هیگڵ ڕەخنە لە ئایینی مەسیحی دەگرێت و پێی وایە مەسیحیەت بەلایەنی کەم لە سەردەمی ئەمدا بۆتە هۆی دروست کردنی درز و کەلێنێک لەنێوان ژیان و پرۆسەی فێرکردندا.[56]

قۆناغی سێیەم هیگڵ پێیوایە کە نەتەوە ئەڵمانەکان یەکەم نەتەوەن کە دەگەنە ئەو هۆشیاریەی کە مرۆڤ ئازادە و ڕۆحی ئەڵمانی ڕۆحی دنیای نوێیە.[57] هیگڵ پێیوایە نەتەوەی جێرمانی گەیشتونەتە قۆناغی کەماڵەوەو سیمای تەواوی ئەو کەماڵە لەسەردەمی ئەودا دەوڵەتی پروسیا بووە، یەکەم جار نەتەوەی جێرمانی بوون کە بە ڕێنوێنی ئایینی مەسیحی ئەوەیان زانی کە هەموو نەتەوەکان ئازادیان هەیە. بەڵام بۆ هاتنە دی ئەم ئازادیە مرۆڤایەتی پێویستی بە قۆناغە درێژخایەنەکان بووە و لەم ڕووەوە هیگڵ پێیوایە مێژووی جیهان بریتیە لە پێشکەوتن و پەرەسەندنی ئازادی لە هۆشیاریدا.[58]

---

[54] ج.ف.ف. هيجل : العقل في ألتأريخ ، ت.د.إمام عبدلفتاح ، ط.الثالث ٢٠٠٧، الناشر دار التنوير للطباعة و النشر و للتوزيع ، بيروت ، ص.٤٩

[55] عەبدولحسەین زەرینکوب : س.پ ، ل.٣٧٦

[56] ڕێبین ڕەسوڵ : هیگڵ و فەلسەفەی ئایین ، س.پ ، ل.١٥٣-١٥٤

[57] ج.ف.ف هيجل : م.س ، ص.٤٩

[58] محمد کەمال : لۆجیکی هیگڵ ، س.پ ، ل.٣٧٦

# دەرئەنجام

١ /هیگڵ ناوی تەواوی جۆرج ویلهێلم فریدریچ هیگڵە و یەکێکە لە فەیلەسوفانی مۆدێرن لە ئەڵمانیا و زۆر سەرسامی کانت بووە.

٢/هیگڵ یەکەم فەیلەسوفی ئەوروپایە کە مێژووی گەلانی تا ئەوروپی خستوەتە بەرچاو و باسی کردوە ، هەروەها خاوەنی کۆمەڵێک شاکاری گرنگە وەک زانستی لۆجیک و عەقڵ لە مێژوودا

.

٣/هیگڵ بیردۆزی خۆی بۆ فەلسەفەی مێژوو لە کتێبەکەی خۆیدا دەخاتە ڕوو کە دوای مردنی یەکێک لە خوێندکارەکانی بڵاویکردوەتەوە بەناوی عەقڵ لە مێژوودا

.

٤/فەلسەفەی مێژوو یەکێکە لەگرنگترین کتێبەکانی کە باس لەوە دەکات چۆن لە ڕابردوودا هەموو کەسێک دەرفەتی ئەوەی هەبووە بگاتە لوتکە.

٥/هیگڵ لێکۆڵینەوە لە مێژوو دەکاتە سێ قۆناغ ئەوانیش جیهانی ڕۆژهەڵات ،جیهانی یۆنانی و ڕۆمانی ، جیهانی جێرمانی

٦/بەڕای هیگڵ مێژوو لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا دەچێت چونکە ئاسیا دەستپێکی مێژووە و ئەوروپا کۆتاییەکەیەتی وە مێژوو لە سەردەمی گریکەکانەوە دەست پێدەکات وە کۆتایی دێت مێژوو بەردەوام نابێت ، ئەمەش کاتێک مرۆڤەکان دەگەنە هۆشیاری خودی ڕەها یان ئازادی تەواو.

٧/هیگڵ پێیوایە مێژوو هیچ نیە جگە لە مێژووی هۆش و پێشکەوتنی هۆش و لە فەلسەفەکەیدا فەلسەفەی مێژوو کەمتر پشت بە واقع دەبەستێت.

٨/سەبارەت بە ئازادی لە سێ قۆناغەکەدا دەڵێت لە جیهانی ڕۆژهەڵات تەنها یەک کەس ئازادە بەڵام لە جیهانی یۆنانی و ڕۆمانی کۆمەڵێک ئازادە و لە جیهانی جێرمانی هەمووی ئازادن.

# ســـوود

ئەم لێکۆڵینەوەیە گرنگی دەدات بە ئایدیای یەکێک لە فەیلەسوفە گەورەکان سەبارەت بە مێژوو و فەلسەفەی مێژوو. سوودی ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتیە لە گەڕان و شرۆڤەکردنی ئەو فەلسەفە و ئایدیایەی هیگڵ کە ،خستویەتیە ڕوو جیاواز لە فەیلەسوفانی دیکە کە بەوشێوەی خۆی باوەڕی پێی هەیە مێژوو شرۆڤە دەکات هەر وەک و لە درێژەی بابەتەکەدا ئاماژەم پێداوە چەند دابەشکردن و پۆلێنکردنێکی هەیە بۆ مێژوو کە گرنگیەکی زۆری پێداوە بەتایبەت لە کتێبەکەی خۆیدا. سوودی سەرەکی باسکردنی ئەم بابەتە ئەوەیە کە خوێدکار یان هەرکەس ئارەزووی لە خوێندنەوە و تێگەیشتن لە فەلسەفەی هیگڵ و ژیان و شاکار و ئەو مێژووەی پۆلێنیکردوە هەیە دەتوانێت وەک بابەتێکی گرنگ کە چەندین سەرچاوەی باوەڕپێکراو و زانستی تێدا بەکارهاتوە سوودی لێوەربگرێت و بەشێوەیەکی ئاشکرا بابەتەکەی تێدا ڕوونکراوەتەوە بێگومان تەنها بەشێک لە ئایدیا و تێڕوانینی هیگڵ لێرەدا باسکراوە چونکە بابەتەکە فراوانە نوسین و تێگەیشتنی زیاتر لەخۆدەگرێت کە پێویستی بە باسکردنی زیاتر هەیە ئەوەش بە چەندین زمان باسدەکرێت بەهۆی فراوانی بابەتەکە و کەمی تێگەیشتن لە فەلسەفە هەموو کەس ئەو توانایەی نیە کە تێکەڵ بە فەلسەفە ببێت بۆیە هەوڵی پێویست نەدراوە بۆ ئاشناکردنی ئەم فەلسەفەیە کە فەلسەفەی مێژووە تەنها چەند هەوڵێکی کەم دەبینرێت منیش بەپێی توانای خۆم هەوڵێکی کەمم داوە، إن شاء الله لە داهاتودا زیاتر دەیخەینە بەر باسو هەوڵدەدەین زیاتر باسی لێبکەین بێگومان ئەمە نە یەکەم کار و نە کۆتایشە کە لەم بارەیەوە بە ئەنجام گەیشتبێ بۆیە خودا تەمەن بدات لە داهاتوودا ئیشی زیاتری لەسەر دەکەین.

## لیستی سەرچاوەکان


ئانڤین ستیگن فەلسەفە لە مێژوودا وەرگێرانی لەنەرویچیەوە فەرەج نیعمەتپور چاپی یەکەم ٢٠٠٩ چاپخانەی سەردەم سلێمانی

أ.د. أشرف حسن زمانية الوجود الإنساني بين هايدجر و هيجل

برایان ماگی مێژووی فەلسەفە وەرگێرانی عوسمان حەمە ڕەشید بێ ژمارەی چاپ ٢٠١٠ دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی

بورهان محمد فەرەج ڕامانێکی فەلسەفی بە مێژوودا چاپی یەکەم ٢٠٢٠ چاپخانەی یاد

بێرتران ڤێژۆڵی فیلۆسۆفەکانی مۆدێرنتە لە دیکارتەوە تا هایدگر چاپی دووەم ٢٠٠٧ وەرگێرانی محمد رەحیم بڵاوکراوەی ئاراس هەولێر

پۆل ستراتێرن ئاشنابوون بە هیگڵ وەرگێرانی ڕێباز مستەفا چاپی یەکەم ٢٠٠٥ هەولێر

پۆل ستراتێرن ساتێک لەگەڵ هیگڵ وەرگێرانی عەلی ئەکبەر چاپی یەکەم ٢٠٠١ چاپەمەنی سایە

ج.ف.ف. هيجل العقل في ألتأريخ ترجمة.د.إمام عبدلفتاح طبعة الثالث ٢٠٠٧ الناشر دار التنوير للطباعة و النشر و للتوزيع بيروت

د.حەمید عەزیز فەلسەفەی نوێی ئەوروپا بێ ژمارەی چاپ ٢٠١١ هەولێر

حەمە غەریب حەمە تۆفیق : مرۆڤ و فەلسەفە ، گۆڤاری کۆچ ، ٢٠٠٩ ، ژ.١١-١٢

رينيه ميرو - جاك دوندت هيجل ترجمة.جوزيف سماحة مطبعة المتوسط المكلس لبنان

ڕامین جەهانبەگلو مۆدێرنەکان وەرگێرانی ئازاد بەرزنجی چاپی یەکەم ٢٠٠٩ دەزگای سەردەم سلێمانی

ڕەحیم سابیر فەلسەفەی مێژوو چاپی دووەم ٢٠٠٥ بێ شوێنی چاپ

ڕێبین ڕەسوڵ هونەر و حەقیقەت بێ ژمارەی چاپ ٢٠١٨ دەزگای ئایدیا چاپخانەی حەمدی

ڕێبین ڕەسوڵ هیگڵ و فەلسەفەی ئایین چاپی یەکەم ٢٠٠٨ کتێبخانەی فێربوون

ڕێبین ڕەسوڵ هیگڵ و فەلسەفەی مۆدێرنیزم چاپی دووەم ٢٠٠٤ بێ شوێنی چاپ

ژۆرژ پۆلیستمێر بنەماکانی فەلسەفە وەرگێرانی هادی محمدی بێ ژمارەی چاپ ٢٠١٠ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی حەمدی

سەباح عەلی جاف چەند لاپەڕەیەک لە مێژووی ئەوروپا چاپی یەکەم ٢٠١٤ چاپخانەی کەمال سلێمانی

سەلام عەبدولکەریم دەربارەی فەلسەفەی مێژوو - زانستی مێژوو چاپی یەکەم ٢٠٠٩ سلێمانی

سلماء علاء الشافيعى فلسفة التأريخ عند فيلوسوف ألماني هيجل تأريخ الإضافه ٢٥/١٢/٢٠١٤م ١٨/١١/٢٠٢١
https://www.alukgh.net/culture/0/80282/

٢-٩-٢٠٢٠ ، ٨-١١-٢٠٢١ ، dengakan.info شاڵاو شاڵاو فەلسەفەی مێژوو

عەبدولحسەین زەڕینکوب مێژوو لە تەرازودا وەرگێرانی.لەفارسیەوە. د.قادر محمد و سۆران بەها ئەحمەد چاپی یەکەم ٢٠١١ چاپخانەی سەردەم

عەمرو شەریف گەشتی عەقڵ وەرگێرانی مزەفەر عەولا قەسرێیی چاپی یەکەم ٢٠١٧ نوسینگەی تەفسیر

عوسمان یاسین هیگڵ و دوو لە قوتابیەکانی چاپخانەی خانی چاپی یەکەم ٢٠٠٨ دهۆک

غوستاف ليون فلسفة التأريخ ترجمة.عادل زعيتر ٢٠١٧ الناشر مؤسسة هنداوى

فرانسیس فۆکۆیاما کۆتایی مێژوو دواین مرۆڤ وەرگێرانی.ئیسماعیل کوردە چاپی یەکەم ٢٠٠٨ چاپخانەی کارۆ

فريدريک انجلز أصل العائلة و الملكية الخاصة و الدولة ترجمة. احمد عز العرب دار الطباعة الحديثة النشر

قيص ناصر راهى نهاية التأريخ طبعة الاول ٢٠١٧

د. کەمال مەزهەر مێژوو کورتە باسێکی زانستی مێژوو و کورد و مێژوو چاپی دووەم ٢٠٠٨ چاپخانەی هێڤی

د.محمد بن صامل السلمي علم لتأريخ طبعة الثالث المكتبة أحيا التراث الإسلامى ٢٠٠٩

د.محمد شێخ هیگڵ و فەلسەفەی تازەگەری و.لە عەرەبیەوە دلێر منیرا چاپی دووەم ٢٠١٦ چاپخانەی شڤان

د.محمد کەمال فەلسەفەی هیگڵ چاپی یەکەم بێ شوێنی چاپ بێ ساڵی چاپ

د.محمد کەمال لۆجیکی هیگڵ بێ ژمارەی چاپ ٢٠١٦ چاپخانەی سەردەم سلێمانی

د. مصطفى النشار فلسفة التأريخ طبعة الاول ٢٠٠٤ شركة الأمل للطباعة والنشر

د. موسا ئیبراهیم فیکری سیاسی خۆرئاوا چاپی یەکەم ٢٠٠٥ دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی سەردەم

هاشم ساڵح فیکری خۆرئاوا وەرگێرانی.شوان ئەحمەد بێ ساڵی چاپ بڵاوکراوەی مەکتەبی بیر و هۆشیاری

هیگڵ مێژووی فەلسەفە وەرگێرانی.عیرفان مستەفا چ١ بێ ساڵی چاپ چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

# بەشێک لە گرنگترین بەرهەمەکانی هیگڵ


فلسفة
التاريخ
عند هيغل

# مێژووی فەلسەفە


## هیگڵ

وەرگێڕانی
عرفان مستەفا

کوردستان – هەولێر
٢٠٠٩


هيغل
فنومينولوجيا
الروح

1 المكتبة الهيجلية



# هيجل

ترجمة وتقديم وتعليق

د. إمام عبد الفتاح إمام

# العقل في التاريخ

## المجلد الأول

## من محاضرات في فلسفة التاريخ